کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ڕەنگدانەوەی ئایین و پرۆسەدیموکراتەکەی کوردستان لە ڕاگرتنی زنجیرەدرامای ئاریا

ووشەی دیموکراتی، چەند ووشەیەکی جوان و بریقەدارە لەسەر زاری هەندێ سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارانی کوردستان و لەوە ئەچێت ئاسانترین ووشەش بێت لەکاتی دەربڕینی بیروڕاکانیان و خوێندنەوەی ووتارەکانیان ،کە دێتەسەر جێبەجێ کردنی لایەنێکی زۆر بچوکی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ووشەکەوە بێت ،وەك تەزووی کارەبا ڕایاندەچڵەکێنێت و سڵی لێ دەکەنەوە،خۆیان دەخەنە ناو زەڵگاوی داب ونەریتی ئایینی بیرتەسك و کۆمەڵگایی دواکەوتوو ، بەگوورِ خۆیانی لێ دەرباز دەکەن و لە لێپرساوەیی ڕوداوەکان، بێ تاوانی خۆیان نیشان دەدەن ، ملکەچی فتوا بێماناکان دەبن ، تا دەگاتە بقەبوونی ووشەی دیموکراتی ، شان بە شانی ئەوەش بانگەوازی مۆدێرنترین پرۆسەی دیموکراتی بە گوێی جیهاندا دەچریکێنن ، باس لە بێهاووتایی و نمونەی دیموکراتی دەکرێت و خۆپەراوێزکردنیان لە بەشەکانی تری عێراق.

ئایینەئاسمانیەکان، پەیامێکی خوداین و زۆر لە میللەتانی جیهان ڕێزی لێدەنێن و هەریەکەیان بڕواییان بە بیروبۆچونەکانیانە ، زۆر لەکەس ناکەن کە بڕوایان پێ بهێنن ، چونکە هەرکەس سەربەستە لە هەڵبژاردنی بڕواکەیدا ، بەڵام بە داخەوە ئەوەی لە ئایینی ئیسلامدا ڕەچاودەکرێت، هەوڵدەدرێت بە کوشتن و هەڕەشە و سەربڕین وا لە بەرامبەر بکەن ، کە بڕوایان پێ بکەن ، لە ڕاستیدا ئەم ڕەفتارە لە داب و نەریتی کوردایەتیدا نیە ،وەرگیراوە لە مامۆستایانی داگیرکاری خوێنمژ ، چونکە یەکەم نەتەوە کە بەسەختی بەڕەنگاری هێرشی بە ئیسلامبوون بۆتەوە لەو سەردەمەدا ،کورد بووە ،کە بووش بە موسڵمان ، زۆر بە دڵپاکانە و دڵسۆزانە وەریگرت و ڕێزی بۆ دانا و تەنهاش لە ڕێی ئایین و خودا خزمەتی کردوە ، کە بڕوای پێهێنابوو. بەتەواوی پێچەوانەی نەتەوەکانی عەرەب وتورك و فارس کە تەنها بۆ مەبەستی نەتەوەی و ڕەگەزپەرستی بەکاریان دەهێنا و تا ئێستاش هەر بەردەوامن لەسەر ئەو ڕێبازە ، بەڵام ئێمەی کوردی دڵساف و تا ڕادەیەك ساویلکە ، بە هیچ شێوەیەك بیرمان لەوە نەکردۆتەوە ، ئێستاش بە فیکی داگیرکاران هەڵدەپەڕین و وەك کرمی دار بەکاردێین بۆ هەڵکۆڵینی ناوەڕۆکەکەمان بێ ئەوەی لە ڕاستی بابەتەکە تێ بگەین .

ئەوەی ئێستاش لە درامای ئاریا نیشاندەدرێت ، باس لە گەندەڵی هەندێك لێپسراو و خۆپەرست و نەزانینی چەند مەلاییەك دەکات و ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە و ڕۆژانە لە شار و دێهاتەکانی کوردستان دەبینرێت ، مانای ئەوە نیە باس لە هەموو دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی بکرێت ، مەرج نیە ئەوەی سیاسەتمەدار یان مامۆستای ئایینی بێت هەر خراپ بێت .

لە ڕاستیدا مزگەوت( واتە ماڵی خودا) بۆ خوداپەرستی و ڕێنومایی و ئامۆژگاری چاك كراوە نەك دەركردنی فتوا بۆ پیاوكوشتن و هەڕەشە ، ئەوانە كاری مزگەوت نین ، شوێنی جێبەجێ كردنی پیلانی دوژمن نین ، چونكە كورد دوژمنی هیچ ئایینێك نیە تاكو هەڕەشەی لێبكرێت.

لە وولاتانی پێشكەوتوو و دیموكراتخواز ، هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر تاكی كۆمەڵ بە هەموو جۆرە بیروباوەڕێكەوە ، تاوانە و سزای خۆی بۆ دانراوە، چونكە پێشێلكاری ماف و ئازادی مرۆڤە ، بەهەمان شێوەش كەس مافی ئەوەی نیە بەسوكی سەیری یەكێك بكات كە بڕوای بە ئایینێك هەیە. پێویستە لە كوردستانیش ڕێگا نەدرێت بە هیچ مەلای مزگەوتێك فتوای هەڕەشەئامێز بگرێتەخۆ ، بەپێی یاسا سزابدرێت.

ئەگەر بەڕاستی كورد بڕوای بە دیموكراتی هەبێت و هەوڵی بۆ بدات، ئەوا پێویستی بە كاری پراكتیكی هەیە نەك ووشەی تێوری و بریسكەدار.

لە وولاتێكی دیموكراتدا پێویستیمان بە فتوا و پارتی ئیسلامی سیاسی و توندڕەو نیە ، ئایین پێویستە جیا بكرێتەوە و بەهیچ شێوەیەك نابێ توخنی سیاسەت بكەوێت ، ئایین پێویستە مرۆڤ، بەتایبەتی لاوان ،فێری كردەوەی جوان بكات و هەوڵ بدات دووریان بخاتەوە لە كاری كوشتن و دزی وڕەفتاری دزێو ناشیرین نەك فتوای پیاوكوشتن و هەڕەش ئامێز. پێویستە دەسەڵاتدارانی كوردیش هەوڵی نەهێشتنی پارت و ڕێكخراوی ئیسلامی سیاسی بدەن ،تا بەتەواوی ڕەگیان دانەكوتیوە و هەنگاویان پێ نەناوین بۆ ناو ئەو قیرانانەی كە ئێستا لە ئەفغانستان و پاكستان و فەلەستین و سۆدان وعێراق و ئێران ، میللەت پێوەیان دەناڵێنن ، ئێمە پێویستمان بە ئامۆژگاری و پیلانی دوژمنان نیە تاكو وولاتەكەمان لە ڕێ و بە ناوی ئیسلامەوە لەناوبەرن و بمان گەڕێننەوە سەردەمی نەزانین(جەهالەت)، چونكە هیچ لەو نەتەوانە وەك كورد ئایینی ئیسلامی بە دڵسۆزی وەرنەگرتووە وڕێزی لێ نەناوە و لەپێناویدا قوربانی نەداوە.

بە داخەوە ئیمڕۆ لە سلێمانی ، شاری هەڵمەت و قوربانی ، لە كانگای هەستی كوردایەتی و سەرچاوەی شۆڕش و ڕاپەڕین ، ڕێبەری پێشكەوتن و ڕۆشنبیری ، شاری یەكێتی ، دەنگی ئازادی ، دەیانەوێت، هاوارێك لە دەست گەندەڵی و ئاشكراكردنی پیلانی دوژمنان،كپ بكرێت و چیتر باوەش بۆ ووشەیەكی ڕەخنەئامێز نەگیرێتەوە.

تا بڕوای دەنگی دیموكراتخوازان و نیشتیمانپەروەران و كوردپەوەران بە كوردسات كەم نەبۆتەوە ، سرودی مەشخەڵانمان لا نامۆ نەبووە ، بە بەهەمان ڕێباز و خەباتی شاخدا بڕۆین و متمانە بدەینەوە بە بینەرانمان و سەرقافلەی كاروانی خەبات و هەنگاونەری پڕۆسەی دیموكراتی بین و دەبێت سنگمان فروان بێت لە وەرگرتنی ڕەخنەو دەنگی ناڕەزایی .

با ڕێگا نەدەین دوژمنان پێمان خۆش بن و شاد بن بە هاتنە دی ئاواتەكانیان .

بۆیە چاوەڕی سەرلەنوێ پەخشكردنی( درامای ئاریا) ین .

خەبات لاوباخ
2007-6-23
بەرلین
Kardo961@yahoo.de